کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# قافڵەی کچان

بەسر پێری نازانم کێ.......!؟
پێری .... دوعا 1
دوێنێ..... شەوبۆ 2
ئەمرۆش..... نەجات 3
من نازانم
ئەو قافڵەیە
کەی دوایی دێ و
سبەینێ کێ ؟ لەسەر ئەشق و لەسەر ئەوین
بەرەو دوا گۆڕستان دەبات



نجات بە زیندووی و بە مردووی — وێنەی شەوبۆ — دوعا

لە و دەڤەرەی
کەوا پێی دەڵێن خۆرهەڵات
خۆری ئەشق
خۆری کچان
خۆری ژن و هی ئافرەتان
نەوەکو هەر قەت هەڵنایەت
ئەوتا نێ هەر بەرەو ئاوابوون دەڕوات

ئەی پیاوانی جەهل و نەفام
کەی تێدەگەن ؟
ئەشق و ئەوین ، تاوان نییە
کەی تێدەگەن ؟
جەستەی کچان
بۆ شەق و تێهەڵدان نییە
کەی تێدەگەن
لەزەتی جنس
هەر بۆ ئێوەی پیاوان نییە
کەی تێدەگەن
بوونی ئافرەت
لەسەر زەوی
هەر بۆ زەوق و
هەر بۆ سەفای ئێوە نییە

کەنگێ ، کە ئێوەی قین لەدڵ
لە مانای ئەشق گەیشتن
کەنگێ ، ئێوە بێ ترس ، بێ سڵ
بەرەو جێ ژوان ڕۆیشتن

کەنگێ ، ئێوە واتان لێهات
کە دوای خورافیات نەکەون
کەنگێ ، ئێوە واتان لێهات
دوای بەد ڕەوشتی نەکەون

ئەوسا ئیتر
کچانی دەڤەرەکەتان
ترسیان لە کووشتن نامێنێ
دەستەخووشکی دوعا و شەوبۆ
مێشکیان بە بەرد ناپژێنرێ
گوارەی گوێیان ناپسێنرێ
ئەوسا ئیتر
تاقە کیژۆڵەکەی نەجات
وەسیەتنامە کەی دایکی خۆی
بەدەستی
باپیرەی دڵ ڕەقی ئەو ، ناسووتێنرێ

ئەوسا ئیتر
تاقەکیژۆڵەکەی نەجات
ئەو ( نەجات ) ەی
بە زیندوویی و لە ژێر گڵدا، ڕۆحی دەرهات
خۆی نووقمی سۆز، نووقمی خۆشەویستی دەکات
دەستنیشانی ئاییندەی خۆی
ئەو کورەشی خۆشی دەوێت ، بێ ترس دەکات

بە تەنها هەر ئەو ساتانە گشت تێدەگەین
خۆری ئەوین ئیتر هەڵدێ و
بۆ ئاوابوون ، سەفەر ناکات
بە تەنها هەر ئەو ساتانە گشت تێدەگەین
کە سەرجەم مرۆڤایەتی
سوجدە بۆ ئەشق
سوجدە لە بۆ ئەوین دەبات

ڕزگارگوڵەباخ / بەرلین
golabach@yahoo.de

1 دوعا : کیژێکی یەزیدی تەمەن 17 ساڵان بوو، بە بەرد و بلۆک مێشکیان تەقاند.

2 شەوبۆ : کیژێکی 18 ساڵانی ناوچەی کۆیە بوو، بە فیشەک و بەرد ڕۆحیان کێشا و گوارەو ئاڵتوونەکانیان پساند.

3 نەجات : کیژێکی دانیشتووی ئێران بوو، باوکی بە زیندووی بە گڵ دایپۆشی، دوا وەسیەتی پێش داپۆشینی بە گڵ ، بۆ باوکی دڵڕەقی ، ئەوەبووە ، چاودێری ئەو کیژەی بکات ، کە لەپاشی جێ دەمێنێت.

سەرنج : وێنەکان لە ماڵپەڕی کلاوڕۆژنەوە وەرگیراون.